





رەوەند جەعفەر

# هونەر لە راستەڕێدا

پێم وایە گرنگترین شتێك كە لە بەرهەمەكانی رەوەنددا بەدیی دەكەین، هۆشیاری و تێگەیشتنی دروستی ئەوە لە شوێن و كات، لە خۆی و دەوروبەر. ئەو هۆشیارییە بەرەو كەناری خۆناسینی بردووە، سەرەنجام ئەم خۆناسینەش وای لی كردووە، لاپەڕەكانی ژیانی كوردەواری وەك كۆمەڵگەی رەسەنی خۆی هەڵبداتەوە. بەڵێ، كەس ناتوانێت سنوور، یان لەمپەرێك لە بەردەمی ئەو هونەرمەندە دابنێت، ئەو لە كەشێكی تەواو ئازاددا كار دەكات، لە پاڵ ئەوەشدا جەماوەری بەرهەمەكانیشی بە هەمان رادە ئازادییان هەیە، لەوەی چ بڕیارێك دەرهەق بە بەرهەمەكەی دەدەن، یان ئاخۆ تا چەند پەسندی دەكەن، یان تا چەند پێشوازی لە گوتارەكەی دەكەن.

لەوە دەچێت، هەر لە سەرەتاوە (رەوەند) كلیلی دەرگایەكی دروستی هونەری گرتبێتە دەست، بۆیە دوانە (نێر و مێ)یەكی كورد، كوڕ و كچێك، ژن و پیاوێك، شافیگەری ئەون و لە سەرجەم تابلۆكانیدا دووبارە دەبنەوە. ئەم جووتە شافیگەرە دەبنە چەقی تابلۆ، ئیدی لەوێوە هونەرەكەی پەل بەرەو ئاراستەی چنینەوەی سیمبول و هێماكانی كوردەواری دەهاوێت، راوی ئەو نەخش و هێمایانەش دەكات كە لە تانوپۆی مافوور و بەڕەی كوردیدان، وەك خۆی گوتەنی «من هێما كۆپی ناكەمەوە، بەڵكوو كرۆك و رۆحی هێماكان راو دەكەم»، هەر لە رێی ئەو جووتە شافیگەرەشەوە، خەون و خولیا و داستان و دنیای گریمانەی شادی، یان تراژیدیا، بە هونەر بەرجەستە دەكات.

دوای دیاریكردنی ئەلف و بێی گوتارەكەی، هونەرمەند هەوڵی داوە وردەكارانە هەڵوەستە لە ئاست تێكڕای لایەنەكانی باری كۆمەڵایەتی و هزری و لایەنی ژیانی كۆمەڵگەی كوردەواری بكات، دواتر بە زمانی ستكاتیكا بەسەریان





**ناکرێ هونەر لە تێگەیشتن و هۆشیاریی هونەرمەند جودا بکەینەوە. هونەر، ئەگەر لە ئاست و پێگەی بەرزی پیشە و ناوەکەیدا بێت، ئاستێك لە کارامەیی لە رووی کار و جێبەجێکردنە و هاوشانی ئەوەش ئاستێك لە هۆشیاری و خۆناسینیش دەخوازێت. نیگار وەك یەکێك لە شەقڵە رەسەن و دێرینەکانی هونەری مرۆڤایەتی هەردەم هەڵگری بەهایەکی واتاییە، جۆرە گوتارێك ئاراستە دەکات، کە یان دەخوازێ نەمری و شکۆیەك دەببڕێت، یان ئەوەتا داستان و سەرهاتێك دەگێڕێتەوە، دەشکرێ رەخنەیەکی توند بێت بە زمانی گوڵ. رەنگە هەموو ئەو شتانە لە سێیەمین پیشانگای تایبەتی رەوەند جەعفەردا بەدی بکەین، کە لە تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا پیشانگاکەی لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێردا کردیەوە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

بکاتەوە. لەم بەسەرکردنەوەیەشدا ئەو لایەنگیریی خۆی بۆ هەر دیاردە و رواڵەتێکی جوان و ئەرێنی دەربڕیوە، لە هەمان کاتدا دەنگی نارەزایی خۆی بەرانبەر بە چەوتی و چەوێڵییەکانیش هەڵبڕیوە.

سەبارەت بە تەکنیکی کارکردن، ئەو پێکهاتەیەکی جوان و سەرنجراکێشمان لە هونەرەکەیدا پێشکەش دەکات. لە دنیای هونەری مۆدێرندا، رەوت و ئاراستەکانی هونەر تێکەڵ بە یەك دەبن، یەکتر موتوربە دەکەن، لە یەکتر دەخوازن و یەکتریش دەوڵەمەند دەکەن. لە گەرمەی تێکرژانی رەوتەکانی هونەردا، مەدوایەکی زۆر بۆ کارکردنی هونەرمەند دەستەبەر دەبێت، گۆڕەپانێکی بێ سنوور بە رووی نیگارکێش و شێوەکاردا دەکرێتەوە، وەك چۆن هەر هونەرمەندێك دەتوانێت داهێنانی زۆر چاك و بەرهەمی نایاب بئافرێنێت، لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوەشی هەیە کە کەسانی بێ بەهرە خۆیان لە پاڵ قەڵای هونەردا مەڵاس بدەن، گڕ و گاڵی ناهونەرمان بە ناوی هونەرەوە پێ بفرۆشن. ئەزموونی رەوەند جەعفەر هێڵی زۆر دیار و گەشی دابڕی تێدایە لە نێوان هونەری راستگۆ و هونەری چەواشەدا.

پەیوەست بە ئەزموونی رەوەند جەعفەر، لە بینینی یەکەم تابلۆدا، هونەرناس دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەم گەنجە شێوەکارەی کوردستان لە کار و لە بەهرەکەی دڵنیایە، بۆیە هەم رچەیەکی تایبەتی بۆ کارکردن هەڵبژاردووە، هەمیش سڵ لەوە ناکاتەوە فیگەر بە تەواوی بەرجەستە بکات، چونکە لە پاشخان و زەمینەی ئەزموونێکی چڕەوە کار دەکات. ئەو توانایەکی باشی لە کاری ئەکادیمی و ریالیزمیدا هەیە، رەنگە ئەوەش بناغە، یان ئەلف و بێی هونەری شێوەکاری بێت. واتە ئەو بە کەرەستەی باش و بە متمانە بەخۆبوونی تەواوەوە کار دەکات، ئەمەش وای کردووە گوتارێکی روون و رەوان و هونەرێکی ناوازەی هەبێت. بۆیە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئێمە لە بەردەم بەهرەیەکی گەورەی هونەرداین، دەکرێ مژدەی ئەوە بدەین، لە دوارۆژێکی نزیکدا بەهرەیەکی گەش و گەورەی هونەر لە هەولێردا خۆی دەنوێنێت و باڵا دەکات.

# لێدوانەکانی میگان سەری دەخۆن



میگان فۆکسی ئەستێرەی هۆڵیوود بە سێ رۆڵی لاوەکی توانی لەگەڵ دەرهێنەری ناسراو مایکل پای ببێت بە یەکێك لە ئەستێرە ناسراوەکانی هۆڵیوود، بەتایبەتی لە فیلمی Transformers کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدەست هێنا.

دوای ئەم سەرکەوتنە لە ساڵی ٢٠٠٩ میگان فۆکس لە میانەی دیمانەیەکی رۆژنامەییدا لەگەڵ گۆڤاری (Wonderland) کە یەکێکە لە گۆڤارە پڕ خوێنەرەکانی بەریتانیا، هێرشی کردە سەر مایکل پای، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کاروانە هونەرییەکەی کرد بەتایبەتی لەو زنجیرە فیلمە.

لەم دیمانەیەدا میگان مایکل پای بە ئەدۆلف هیتلەر و ناپلیۆن پۆناپرت بەراورد کرد و وتی: «ئەو وەك ناپلیۆنە دەیەوێ ئەم ناوبانگە شێتانەیە بۆ خۆی پەیدا بکات، لە پلاتۆ دەیەوێ وەك هتلەر رەفتار بکات، ئەو لە کاتی کارکردندا وەك کابوسە، بەڵام کاتێك لێی دوور دەکەویتەوە، بە هیچ شێوەیەك هەست ناکەی کە دەرهێنەر بێت، چونکە چیژ لە ناوبانگ و کەسایەتییەکەی وەردەگری، بە راستی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی سەرکەوتوو نییە.

دوای ئەم لێدوانانە میگان لە گشت بەشەکانی دیکەی زنجیرە فیلمەکەدا رۆڵی نەبوو، دواتر بە یەکجاری لە تیمی فیلمەکە دوور خرایەوە.

مایکل پای دەربارەی دوورخستنەوەی میگان وتی: ستیڤان سپیلبیرگی دەرهێنەر دوای بینینی دیمانەکە پێی گوتم میگان دووربخەوە، هیچ زیانێکم بۆ میگان نەبوو، ئەو هەمیشە حەز دەکات وەڵام وەربگرێت و ئەم کارە بە هەڵە ئەنجام دەدات، زۆر داوای لێبووردن دەکەم میگان، داوای لێبووردن دەکەم کە تۆم دروست کرد، داوای لێبووردن دەکەم کە یارمەتیم دای بۆ دەرکەوتن.

# بیلا حەدید ئاسوودە نییە



کچە مۆدێل و ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی بیلا حەدید لە میانەی بەشداریکردنی لە فیستیڤاڵی فۆج بۆ جلوبەرگ کە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا سازکرا، چەند نهێنییەکی تایبەتی ژیانی خۆی بۆ میدیاکان راگەیاند کە تا رادەیەك بۆ میدیا و چاودێران مایەی شۆك و سەرسوڕمان بوون.

بیلای تەمەن ٢٣ ساڵ کە بە رەچەڵەك فەلەستینییە، رایگەیاند: «دوای ئەوەی بووم بە مۆدێل و ناوبانگم پەیدا کرد و لەسەر ئاستی جیهان ناسرام، رووبەڕووی ئاستەنگ و گرفتی زۆر بوومەوە کە بوونە هۆی دروستبوونی فشارێکی دەروونیی زۆر لەسەرم و هەندێك جار گەیشتوومەتە رادەی خەمۆکی، بۆیە پێویستم بەوە هەبوو کە لەگەڵ ناخی خۆم لە ململانێیەکی زۆردا بم، تاکو ئەو فشارە زۆرانە کاریگەریی نەرێنی نەکەنە سەر سەرکەوتنەکانم، چونکە زۆر جار رۆژانە دەگریام، پێشتر ژیانێکی زۆر خۆشم بەسەر دەبرد، بەڵام ئەو خەمۆکییە وای لێدەکردم کە هەست بە تاوان بکەم».

بیلا ئەوەشی راگەیاندووە کە شێوازی ژیانی تا رادەیەك جیاواز بووە و زۆر دەرفەتی کاری بۆ رەخساوە، سەرەڕای ئەوەش هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد، ئەمەش کارێکی نالۆژیکی بوو، بۆیە حەزی نەکردووە نهێنییەکانی خۆی لای کەس بدرکێنێت.

سەبارەت بە سەختیی کارەکەی بیلا دەڵێ: «رۆژانە بەیانیان و لەکاتی نان خواردن و بەر لە نووستن دەگریام، چونکە لە رووی سۆزدارییەوە لە دۆخێکی زۆر ناجێگیردا دەژیام، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بە درێژایی چوار مانگ رۆژانە بۆ ماوەی ١٤ کاتژمێر کارم دەکرد، لێرەدا ئامۆژگاریم بۆ کچان ئەوەیە کە هیچ کاتێك دوودڵ نەبن و هەست بە ترس نەکەن لە داواکردنی یارمەتی لە کاتی پێویستدا، کاتێك هەست دەکەن کە جیهان وێران دەبێت، با داوای یارمەتی بکەن و هەوڵ نەدەن بە تەنیا گرفتەکانیان چارەسەر بکەن.



# جوانی بە گرفت دەزانێت

سکارلێت جۆهانسۆنی ئەستێرەی سینەمایی رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات ئارەزووی ئەوە دەکات لە دیمەن و رووخساری و زۆریش حەز دەکات ئەو تایبەتمەندیانەی نەمینێت کە هەمیشە جەماوەر بە نموونەی جوانی بزانن. جۆهانسۆن ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو لە هزری جەماوەردا هەمیشە وەك نموونەی جوانی و مێینە و سێکسی سەیری دەکەن ئەمەش وایکردووە کەزۆر جار نەتوانێت وەك پێویست رۆڵەکانی خۆی ئەدا بکات لە سینەما بۆیە لە دڵەوە حەز دەکات ئەو تایبەتمەندیانەی نەمینێت بۆ ئەوەی جەماوەر وەك ئەکتەرێکی ئاسایی سەیری بکەن نەك تەنیا بیر لە لایەنی جوانی و سەرنجڕاکێشی بکەنەوە.

سکارلێت زیاتر دەڵێ: پێموایە بە تێپەڕ بوونی کات سروشتی ئەو کەسایەتیانە دەگۆڕم کە لە کارەکاندا دەیاننوێنم، من دڵنیام کە زۆر لەو رۆڵانەی ئێستا بە من دەسپێردرێن لە بنەرەتدا وروژێنەر نین، بەڵام شێوەی نواندنی من بەو لەشە جوان و پڕەوە وا لە جەماوەر دەکات کە هەموو رۆڵەکانم بە وروژێنەر وەسف بکەن و بەکەسێکی سەرنجڕاکێش بمناسن، هەروەها وهتی: من خۆم بە ئافرەتێکی سەرنجڕاکێش دانانێم و نازانم بۆچی هەندێك کەس بەردەوام ئەو نازناوەم پێ دەبەخشن درك بەو راستیە ناکات تەنیا کاتێك هەندێك کەس راشکاوانە ئەمەی پێ دەڵێن یان کاتێك ناوی خۆی لە لیستی ئافرەتە سە رنجڕ اکێشە کا ندا دەبینێت کە هەندێك لە گۆڤارەکان ئەنجامی دەدەن.

# لە سەروبەندی پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکوک

دوای ماندووبوون و هەوڵێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی ئەم فیستیڤاڵە لە شاری کەرکووک، خەرجی فێستیڤاڵ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بە هاوکاریی مەستی فلیم دابین کرابوو.

بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری و لاوانی کەرکووک، گرووپی شانۆی هەوار، ناوەندی رێکخراوەکان سێ رۆژ شانۆیان لە کەرکووک بەردەوام کرد بۆ گرووپەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و هەریەك لە وڵاتەکانی (تونس، ئوردن، سووریا، ئێران، عێراق)یش بەشدارییان تێدا کرد.

شانۆکاری بە توانای شاری مەریوان (موختار محەمەدی) خولێکی شەش رۆژەی بۆ کوڕان و کچانی شاری کەرکووک رێکخست، بە مەبەستی فێربوونی شانۆی شەقام، پاشان هەربەو کچ و کوڕانەوە لە کۆتاڕۆژدا شانۆی (پاسکیلی) نمایش کرد، کە بووە جێگای خۆشحاڵیی نمایشکاران .

هونەرمەند (کەمال علی) کارێکی تایبەتی بە هاوکاریی هونەرمەندان (چیمەن خان) هاوسەری هونەرمەندی کۆچکردوو حوسێن میسری و هونەرمەند (شیلان عەلی) نمایش کرد و پێشکەشی رۆحی پاکی (حوسێن میسری) کرد .

سێ رۆژ نمایشی کوردی و عەرەبی و گۆرانی و میوزیك لە شەقامەکانی کەرکووك بەردەوام بوو، چەندین پانێل و کۆڕی رەخنەیی لە چوارچێوەی فیستیڤاڵەکەدا رێکخران. لەو سێ رۆژەدا میوانەکان هەندێك جار بۆ ئازاری مرۆڤەکان دەگریان و هەندێك جاریش بۆ کۆمیدیا پێدەکەنین .

(حەمە سوار عەزیز، ئاشنا رەئوف، خاڵدار قەواڵی) زۆر بە دڵسۆزی هاوکار بوون بۆ سەرخستنی فیستیڤاڵەکە و زۆرماندوو بوون و شوێن پەنجەیان دیار بوو، پێویستە ئەرك و ماندووبوونیان بەرز بنرخێنین، چونکە ئەوان بەردەوام لە خەمی فیستیڤاڵ و سەرکەوتنیدا بوون .

هەریەکە لە سەرۆك و سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵ و لێژنەکانی فیستیڤاڵ بەردەوام لەخەمی سەرخستنی فیستیڤاڵدا بوون، فیستیڤاڵەکە لە سێ رۆژدا تەواوی هونەرمەندانی کەرکووك و کوردستانی کۆکردبووەوە، ئەوانەی ئامادەی فیستیڤاڵیش نەبوون، بە رۆح لەگەڵماندا بوون.

لەسێ رۆژی فیستیڤاڵدا هونەرمەندان تەنیا و تەنیا باسی فیستیڤاڵ و نمایشی شانۆکانیان دەکرد و هەست بە سەرکەوتنی فیستیڤاڵ دەکرا، بۆیە دەتوانم بڵێم رۆژانی ٢٨،٢٩،٣٠ مانگی یانزە جەژنی شانۆکاران و هونەرمەندانی کەرکووك بوو،

لێرەوە پیرۆزبایی لە خۆم و تەواوی هونەرمەندان دەکەم بۆ ئەو سێ رۆژەی کە بە راستی جەژن بوو .


دادوەران

ئەوەی سەیرە پێنج دادوەرەکەی فیستیڤاڵ بە تەواوی خەون و خەیاڵەکانی ئێمەیان لە تاریکیی خۆیاندا







**ئەسوەد فایق / کەرکوک**

خنکاند، کە بریتی بوون لە (دڵشاد مستەفا، ئاسیا کەمال، کەریم خاوەری، عارف مەعروف) ئەمانە جگە لە (کەریم خاوەری) کەئەزموونێکی باشی لەشانۆی سەرشەقامداهەیە، ئەوانی دی بڕواناکەم رۆژێك لە رۆژان کارێکی شەقامیان کردبێت .

ئەوەی جێگەی سەرنجی منە یەکێك لە دادوەرەکان کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە، دەیگوت گۆرانی و میوزیك نابێت لە شانۆی شەقامدا زۆربێت، لەکاتێکدا شانۆی شەقام خۆی لە خۆیدا ئاهەنگسازییە، کاتێك بڕیاری لیژنەی دادوەران خوێندرایەوە من شۆك بووم، خەڵات بە چەند نمایشێك درا کە بەڕاستی ئەوانە شانۆ نەبوون، رەنگە بیرۆکەکەیان جوان بووبێت، بەڵام خۆ بیرۆکە ئەگەر لە شێوازی شانۆدا بەرجەستە نەکرێت و هەروەك شەقام نمایش بکرێت، ئەوە شانۆ نییە. بەداخەوە بۆ رازیکردنی هەندێك لە کەسەکانی فیستیڤاڵ کە ئەو کەسانە گلەییان لە فیستیڤاڵی شانۆی کەرکووك هەبوو، گوایە فیستیڤاڵی هۆڵ بووە، هەندێك کەسیش گلەییان لە فیستیڤاڵی شەقامی دەربەندیخان هەبوو، کە بە رای ئەوان دادوەری ئەو دوو فیستیڤاڵە خەڵکی توندڕەوی کوردبوون، بۆیە خەڵاتیان بەوان نەداوە، لێرە لە پێناو رازیکردنیان خەڵاتیان بە چەند شانۆیەك دا، کە شایستە نەبوون.

ئەوەش گرنگ نییە ئەوەی بووە جێگەی گلەیی من و بینەران ئەوەیە کە شانۆی (سانتی مەتر) لە دەرهێنانی سەید سۆران و نواندنی موختار مەحمەدی کە کاری گرووپی مەریوان بوو، ئەوان خاوەنی سێ خەڵاتن لە فیستیڤاڵەکانی (فەجر لە تاران، فیستیڤاڵی مەریوان، فیستیڤاڵی دەربەندیخان) کەچی لێرە لیژنە بلیمەتەکەی فیستیڤاڵی کەرکووك بە کاری شەقامیان نەزانیوە.

بە راستی سەیرە یەکێك لە دادوەرەکان پێی وتم: «ئەم جۆرە نمایشەکە کاتەکەی زۆرە تەنیا بۆ ئێران دەبێت، لێرە شانۆی شەقام وانییە»، ئەو نازانێ فیستیڤاڵی شانۆی شەقام لە تارانەوە هاتۆتە مەریوان و لەوێشەوە پەڕیوەتە ئەم دیو، لە دەربەندیخان و پاشان هاتۆتە کەرکووك، سەیر بوو ئەو دەیوت: «چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە». دادوەرێکی دیکە لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکە لە سەر شانۆ بە ئاشکرا و بێ دوودڵی وتی: «داوای لێبووردن دەکەین شانۆ هەبوو شایستەی خەڵات بوو، بەڵام لەبەرئەوەی سیاسی بوو، لەبەر بارودۆخی تایبەتی کەرکووك خەڵات نەکران».

کەواتا ئێمە هەمیشە خۆمان بچووك دەکەینەوە، ئەوە تاوانی ئێمەیە کە کەس بە گەورەمان نازانێت و هونەریشمان بە دەردی سیاسەتەکەمان چووە، بۆیە دەڵێم من بەردەوام لە حوزووری ستافی (سانتیمەتر) دەوەستم و لە خزمەت (موختار محەمەدی و سۆران) دا دەبم، ئەوانیش با خەڵات و دکتۆرییەکەیان بەرنەوە بۆ جەهەنم.



